# زانیاری سەبارەت به ئەژماری بانکی بنەڕەتی



1 **هەموو کەسێک کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکێتی ئەوروپا نیشتەجێ بێت مافی ئەوەی هەیە کە ئەژمارێکی بانکی بنەڕەتی لە بانکێکی نەمسایی بکاتەوە.**

- ئەوە ئەو کەسانە لە خۆ دەگرێت کە بێ ماڵن و یا پەنابەرن
- بەهەر حاڵ ئەم ئەژمارە بانکی بنەڕەتیە ناکرێت بۆ کاروباری بازرگانی بەکار بهێندرێت.

2 **مافی ئەوەی نییە کە پارەی زیادەی لە ئەژماری بانکی بنەڕەتی دەربهێنێت.**

ئەوەش بەو مانایەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پارە دەربهێنێت و پارە بدات، تەنیا ئەگەر ئەژمارەکە پارەی تیا بوو.

3 **جگە لەمانە ئەژماری بانکی بنەڕەتی وەکوو هەر ئەژمارێکی دیکەی بانکیە.**

تۆ دەتوانی

- لە ئامێری ئۆتۆماتیک پارە دەربێنی
- پارە بنێرێ، سفارش و ڕاسپارد دابنێی و ڕاستەوخۆ قەرز بدەیەوە
- لە ڕێگای کارتی بانکیکەوە بۆ خزمەتگوزارێکان و یا لە ئینتەرنێتیش پارە بدەی
- سیستەمی ئۆنلاینی ئینتەنێت بانک بەکار بێنی

4 **تێچوی ئەژماری بانکی بنەڕەتی ساڵانە 83,45 یۆرۆیە، بە بێ سرنج دان بەوەیکە ئەو ئەژمارە ساڵانە چەندە بەکار دێت بۆ پارە پێدان، یا بۆ پارە دەرکێشان**

**5 تێچوی ئەژماری بانکی بنەڕەتی ساڵانە بۆ ئەوکەسانەی داهاتیان کەمە 41,73 یۆرۆیە**

ئەو کەسانە کە شیاوی ئەو بابەتەن ئەمانەن:

- ئەو کەسانەی کە داهاتیان (مووچە، خانەنشینی، بیمەی بێکاری، قەرەبوو) کەمترە لە ئاستی مەعاشی یاسایی پێویست
- ئەو کەسانەی کە بووراون لە دانی پارەی بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن
- ئەو کەسانەی کە حاڵەتی مایەبۆش و وەرشکست بوونیان هەیە
- پەنابەرەکان
- بێ ماڵ و بێ سەرپەناکان

**6 ئەگەر تۆ پێشتر خاوەنی ئەژمارێکی تری بانکێکی نەمساوی بیت، ئەوە هاوکات ئەژمارە بانکێکەت دەبەسترێت.**

- ئەگەر هاوکات ئەژمارە بانکیە کۆنەکەت دانەخرابێت، ئەوە بانک بۆی هەیە و دەتوانێت داواکەت بۆ کردنەوەی ئەژماری بانکی بنەڕەتی پەسەند نەکات.
- ئەو بانکەی کە ئەژماری بانکی بنەڕەتی دەکاتەوە، دەبێت لەسەر داخوازی موشتەری ئەژمارەکە بگۆڕێت.
- ئەگەر ئەژمارە کۆنەکەت بە هۆی قەرزداری بلۆک کرابێت، ئەوە مافی کردنەوەی ئەژماری بانکی بنەڕەتیت هەیە بە بێ بەستنی ئەژماری یەکەم.
- ئەژماری بانکی بنەڕەتی دەکرێت لای ئەو بانکە کە یەکەم ئەژماری لێکراوەتەوە بکرێتەوە یا لە هەر بانکێکی تر.

**7 بانک دەتوانێت ئەژماری بانکی بنەڕەتی تەنیا لەبەر هۆکاری گرنگ هەڵبوەشێنێتەوە.**

هەڵوەشاندنەوە تەنیا لە کاتێکدا دەکرێت، ئەگەر

- ئەژماری بانکی بنەڕەتیەکە بۆ کاری نایاسای بەکاربێت
- ئەژماری بانکی بنەڕەتیەکە بۆ ماوەی زیاتر لە 24 مانگ بەکار نەهاتبێت
- ئەژمارێکی تری بانکی بکرێتەوە

**8 زانیاری زیاتر دەربارەی ئەژماری بانکی بنەڕەتی لە فۆڵدری " ئەژماری بانکی بنەڕەتی - ئەژمارێکی بانکی بنەڕتی بۆ تۆ" و لە ماڵپەڕەکەمان بەو ناونیشانەی خوارێ لەبەردەست دایە: www.konsumentenfragen.at**

ئەم فۆڵدرە دەکرێت داوا بکرێت:

- لە www.sozialministerium.at/broschuerenservice
- لە ڕێگای ناردنی ئیمەیل بۆ: broschuerenservice@sozialministerium.at
- لە ڕێگای تەلەفۆن بە ژمارە: 25 25 86-00 1711 43+

**9 سکاڵا**

ئەگەر داخوازی تۆ بۆ کردنەوەی ئەژمارێکی سەرەکی بە بێ هیچ هۆکارێک پەسەند نەکرا، و یا لە ئەگەری هەبوونی هەر جۆرە پرسیارێک سەبارەت بە ئەژماری سەرەکی، ئەوە دەتوانی لەگەڵ ئێمە لە ڕێگای ئیمەیلی (Thomas.Haghofer@sozialministerium.at و یا Beate.Blaschek@sozialministerium.at) و یا لە ڕێگای ژمارە تەلەیفونی (16 25 86-00 1711 43+ یا 01 25 86-) لە پەیوەندی دابی؛ تۆ دەتوانی بە زمانی ئەڵمانی و یا ئینگلیزی پەیوەندیمان پێبکەی.

**ئاگادر کردنەوەی یاسایی:**

**خاوەن مێدیا و بڵاوکەرەوە:** وەزارەتی کار و کارباوی کۆمەڵایەتی فیدراڵ، تەندروستی، چاودێری و بەرگری کردنی بەکارهێنەر یا خود (BMSGPK),
Stubenring 1, 1010 Wien **شوێنی بڵاوکردنەوە و بەرهەم هێنان:** ڤییەنا **وێنەی داپۆشەرەکە:** © istockphoto.com/Romolo Tavani
**دیزاین و چاپ کردن:** BMSGPK **لە ساڵی:** 2020